## حەمەجەزا: دەنگدان بۆ ئەوەیە کیانێکمان هەبێ

# کە من کیانێکم نەبێ، چ سوودێك لەهونەرەکەم دەکەم



لەپەیوەندیەکدا هەنەرمەند حەمە جەزا پێیراگەیاندین: کۆمەڵێك بەرهەمی نوێی بەدەستەوەیە، بەڵام بەداخەوە ئەو بوارەی بۆ نەرەخساوە کەبتوانێت دەستبەکاربێت، کەچەند ئاوازو هۆنراوەیەکی باشی هەڵبژاردووە بۆ گۆرانی و مەقامات، بەنیازیشە بەجیا چەند مەقامێك تۆمار بکات، چونکە خەڵك زۆر داوای مەقام و گۆرانییە کۆنەکانی لێدەکەن، حەمە جەزا وتی: دەمەوێت ئەوە بڵێم کەتائێستا بەپێی پێویست گرنگیی بەهونەرمەندان نەدراوە، لەکاتێکدا چەندین هونەرمەندمان هەنە کەس لێیان ناپرسێتەوە، کەس ناچێت گوێ لەگرفتەکانیان بگرێت، ئەو ڕێزلێنانەی کە بۆ هونەرمەندانیش دابینکراوە کەمە، بەڵام ئەم گلەییانەی هونەرمەندان هیچ پەیوەندییەکی بەمەسەلەی دەنگدانەوە نییە، چونکە دەنگدان بۆ چارەنووسی میللەتەکەمانە، بۆ ئایندەی نەتەوەکەمانە، دەنگدان هیچ پەیوەندییەکی بەحزبایەتی و گرفتێکی شەخسیەوە نییە، ئەم دەنگدانە بۆئەوەیە کەتۆ هەولبدەیت کیانێکت هەبێت، بەتایبەتی ئێمەی کورد کەساڵەهای ساڵە ژێر دەستین، هەرچی کردەوەیەکی خراپە بەرامبەرمان کراوە، ماڵمان وێران بووە، ئەنفال کراوین، کیمیاباران کراوین، زۆر زوڵمان لێکراوە، بۆیە نابێت بیر لەو شتانە بکەینەوە، ئەوە مەسەلەی میللەتە، دەبێت دەنگدان لەپێشەوەی هەموو ئەو شتانەوەبێت، تەنانەت ئەگەر کەسێك پیرو پەککەوتە بێت، دەبێت بەکۆڵ ببرێت، چونکە دەنگێك بۆ ئێمە زۆرە، ئەگەر کەسێك یان لێپرسراوێکمان خراپە، با بەهەمووومان بەشێوەیەك لەشێوەکان بتوانین خراپەکارییەکانی ئەم لێپرسراوە بگەیەنین بەسەروتر بۆئەوەی بتوانین چاکی بکەین، ڕەنگە هەندێ کەموکووری هەبێت، ڕەنگە هەندێ غەدر کرابێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بەشداریی نەکرێ، کەمن کیانێکم نەبێت، چ سوودێك لەو هونەرە دەکەم، من لە سە ر وشـەی کوردستان چەندین جار زیندانی کراوم و ئازارێکی زۆرم چەشتووە، ئەمە هەمووی لەسەر ناوی کوردستان و هونەرەکەمە، بەڵام ئێستا ئازادین کەرەخنە لەلێپرسراوەکانمان بگرین، چونکە ئازادیی هەیە، بۆیە دەبێت هەموو بەپەرۆش بین بۆ ئەم دەنگدانە، ئەمە هەقێکی ڕەوای خۆتە کەبوونت هەیە لەم وڵاتەدا، تۆش دەتەوێ وەکو میللەتانی دنیا کیانێکت هەبێ و بەسەربەستی بژیت، هەقە گەنجەکانمان بیرێك لەم میللەتە بکەنەوە، بیرێك لەوە بکەنەوە کەئەم ئازادییە چۆن بەدەستهاتووە، کورد چی بەسەرهاتووەو بەچ قۆناغێکدا تێپەڕیووە تا ئەم دەستکەتانەی بەدەستهێناوە، چونکە ئەوان ئەم عەزابەی بەعسیان نەبینیوە ئەرکی هۆشیارکردنەوەی ئەم گەنجانە زیاتر لەسەر هونەرمەندانە، چونکە هونەرمەند موڵکی میللەتن، لەناو خەڵکدا ناسراون، بۆیە ئەرکەکە زیاتر لەسەر شانی ئەوانە، دەبێت هەمووومان هونەرەکەمان لەخزمەتی گەل و نەتەوەکەماندا بەکاربێنین.